پەنتاگۆن:هیچ پلانەکمان نیە بە کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق

وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا رایگەیاند، هیچ پلانەکیان نییە بە کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق ئاگاداری هیچ پلانەکی بەغداش نین بە ئەو مەبەستە، هێزەکانیان لەسەر داواکاری حکومەتی عێراق ماونەتەوە و لە ئێستاشدا سەرنجیان توندکردوەتەوە بە بەزاندنی داعش لەو ناوچەیە.

پاتریک رایدەر وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا "پەنتاگۆن" لە کۆنفرانسیکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لە ئێستادا ئاگاداری هیچ پلانێک نییە بە کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق، بەڵکو سەرنجەکانیان توند دەکەنەوە بە بەزاندنی داعش لەو ناوچەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد، هێزە ئەمریکییەکان لەسەر داواکاری حکومەتی عێراقی لەو وەاتەن، ئاگاداری هیچ پلانەکیش نین کە بەغدا بە کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان ئامادەی کردبێت.